

# شاگوڵ

م ئیبراهیمی " گولاڵە"
(بۆکان)

ویژەی بیست و خۆی دا بەئەرزا، وەک ژیژک خۆی هێنا یەک، قرمەی گوللە و خوشەی خوشینی هاوڕێکانی بەسەر بەرد و تەلان و بەفردا، تەپەی چوارناڵی هێستر و چوارپێی ترساو و هەوسر پساو، بیر و مێشکی پارچە پارچە ئەکرد و نەیئەهێشت وەک کاتەکانی تر کە خەیاڵ هەڵی ئەگرت و ئەیبرد، بە زیندوویی سیمای شەمامە و شەماڵ ببینێ، وەک وێنەیان لەناو ئاوێکی مەند کەوتبێ و لەپڕ ویژەی گوللەیەک، نانا... هاویشتنی بەردێک، بەدەست بێکارێ، مەنگی بشڵەقێنێ و وێنە وەشەپۆلان بکەون، سرک و بزۆک لە سنووری چاوا نەئەمان و خواروخێچ ئەبوون و نەبان و تارا و تەنیا جێیان ئەهێشت.

قرمە و قریوە هەروا کە بەلەز هاتبوو، کتوپڕ نیشتەوە، بێدەنگی، گۆڕ و گرتووخانە... گلان، دڕکێک چەقییە لاکەلەکەی و هێور هێور جێی خۆش کرد، هەستا و ویستی چمکی کەوا کۆوەکا و بە نینۆک دڕک ڕزگار بکا، دەستی خووسا، سوورایی و ساردی و...سەرەنگری دا، لەسەر زگ و بەفر ڕەهێڵ بوو و گۆنای تەزی و چنگی خستە ناو بەفر و بۆ شتێ گەڕا دەستی لێ گیر بکا و هەڵسێتە سەر چۆک.

شەماڵ لەپڕ دەستی بەردا و بەرەو ماشینە باتریدارە سوورەکە، کە نزیکەی حەوت مانگ بوو پووڵی بۆ لە قووتوویەک ئەخست و هەر ڕۆژ دە جار خڕەخڕی گوێ ئەدا، فڕی و باوکی بە شوێنیا و ئەم بەدەستێک مەچەکی شەمامەی گرت و هات ڕابکا و لەلای چەپ ماشینی دی و کەوتە سەرچۆک و ئەژنۆی کردە پەنجەی پا و ڕووەو سەردار و شەماڵ چوو، جیڕەی لاستیک و کەوتنی شەماڵ و...

ڕووناکی چاوی پێ هەڵێنا، لەسەر تەختی نەخۆشخانە و سرۆم و پیاوێکی نیمچە جحێڵ بە جلوبەرگی تازە و

گرانبەهاوە، کابرا ڕوانینی ئەمی دی و بەبزەوە وتی: خۆشحاڵم هاتییەوە هۆش، شەماڵ و باوکیشی باشن و لەو ژوورەی ترن، شەمامەی بۆنخۆشیش لەگەڵ تارای کچم کایە ئەکات.

کە گێژی نەما، ڕووی لە کابرا کرد و : ئەی... یانی... هەموو، هەموومان ساغین؟ شەمام؟ شش... ششش‌ش..ششە... شەماڵ؟ ئەی خوایە شوکرت، ئەی خوایە شوکرت.

کاک ئاوات وتی: پووڵ لەمن و کار لەتۆ، تەنیا دوو سێ ڕۆژی سەختە و ئیتر دوایی خووگرتنە و ئەبێتە ژیانی سروشتی.

کارگایەکم هەیە نزیکە، تەنیا پێنج شەش کیلۆمەتر لەشار دوورە، خانوویەکی نیگابانی تێدایە، لە نەخۆشخانە دەرکەوتی، بچن دەستێکی پێدا بهێنن و تێیدا ستار بگرن، گەورە نییە، بەڵام...

سێ ژوور و چێشتخانەیەکی خۆش و حەمام و مستراحی خاوێن و باخچەیەکی پڕ گوڵ و درەخت.

وتی: چێشتخانەکە زۆر بەرجەوەن خۆشە، لەسەر ویلچێر دائەنیشم و چاو لەو باخچەیە ئەکەم.

دامەزراین. دوای دووڕۆژ کەوتمە کۆڵبەری بۆ کاک ئاوات، وردە وردە منداڵ کۆک و پۆشتە بوون، بڕێک ئاسوودەیی کەوتە ژیان و هەناومان.

هەرجارە و جینێ تایەری ماشین لەخۆم بار ئەکەم و ئەیبەمە سەر سنوور و لەولاش چوار پێنج کارتۆن دێنمەوە. منداڵ شادن، منیش بەمە سوکناییم دێ، بەڵام نازانم بۆ سەردار ماوەیەکە مات دێتە بەرچاوم، بڕیاربێ ئەم جارە بە وردی لێی بڕوانم، خۆ ڕەنگە هەر لە خۆیشی بپرسم، ئەرێ واباشترە، لە بیرم نەچێ میداد ڕەنگییەکان بۆ شەماڵ بکڕم، بزانم شتێ بۆ شەمامیش، ئەوە بۆ وا ساردە... چ خەوێ سەری لێ داوم ئای ئای... بۆ هیچ سربوە و قربوە نییە، نووچێک ئەدەم و ڕێ ئەکەوم.

چاو ئەرخایەنی لێک نا و ویستی پشوویەک بدات.

کاتێ ڕوانیمانە پشتە سەرمان، دوومان نەبوون، قوولە قوول دەستی پێ کرد، بەناو بانگمان ئەکردن، لە دوای ماوەیەک تاپۆی یەکێ لە دوور دەرکەوت، کۆمە کۆم ئەڕۆیشت، هەراسان بوو و هەرگەیشتە نزیک ئێمە، هاواری کرد : سەردار نەهاتووە... جێ ماوە.

بەو سەرما و سۆڵە ڕاوەستان و نەڕۆیشتن، حوکمی بەستن و خوێن مەیینی بوو بۆمان، سەرەڕای ئەو کۆڵانە هەرکاممان هەڵمان گرتبوو، گورج ئەڕۆیشتین و هەناسەمان سوار بووبوو، سەرما ئەیویست پەنجەی پا و نینۆکی دەستمان بپەڕێنێ.

سامان وتی: با باری دوانمان بەسەر ئەوانی تردا دابەش بکەین و ئەو دووانە بگەڕێنەوە، بەشکەم ئەمە خوایە سەردار لێمان دانەبڕابێ.

وابوو کە من و سامان کۆڵمان کردەوە و بەسەڵتی بەرەو دوا گەڕاینەوە. تاچاو هەتەری ئەکرد بەفر و سپیایی و شوێن شوێن تاشە بەرد و بنجە گیا بەفریان ڕەش هەڵگەڕاندبوو.

ڕەنگە نزیکەی نیو سەعاتییەک ڕۆیشتبین لە دوور ڕەشاییەکمان دی لە سەر بەفر درێژ بووبوو، پەلەمان کرد و گەیشتینە سەری، سەردار دەمەوڕوو لەسەر بەفر ڕاکشابوو و کۆڵەکە هێشتا بە کۆڵیەوە بوو، لە ژێر زگ و لاکەلەکەی ڕاستی، بەفرەکە بە خوێنێکی زۆر نەخشابوو، خوێن مەیی بوو و سەر و چاو و پەنجەی دەستی شین هەڵگەڕابوون، شینێ کە تا ئەهات تۆختر ئەبوو و لە ڕەشی ئەدا، پرچێکی ڕەشی شەوئاسا دژایەتی سپیایی بەفری ئەکرد.

سامان پشتاوپشت کشاوە و لەپڕ هێقی کردەوە، چۆکی دادا و بیستم هاواری کرد" خوایەەەەە بۆۆۆو... بۆۆۆۆ خوایەەەەە..."

تەنافەکەم پساند و یەکێ لەتلیەرەکانم داگرت و لەسەری دانیشتم و چاوم بڕییە ڕێگای شۆستە کە چەند مەترێ ئەولاتر لە ناو بەفری سپیدا ڕەشی ئەکردەوە.